شیعر

سورخی

# ڕەش و سپی ڕەنگەکانی تریان لەناوبرد

وام دەزانی ڕۆژەکان سەدان بەچکەی
ژیر و جوانن
کەچی تەنیا دوو قل بوون
ئەوەی ڕەش بوو
بەرد قاچی شکاند
زەردەکەشیان دووپشک کوشتی
مریشکێک لە ماندووبوون و ئازاردا
لە دایکم دەچوو
تۆ ئەگەر لە ناو قەفەسێکی دروستکراو لە لاسکە گیاشدا
دەرگات لێ دابخەن
بەسە بۆ مردنت
چ ڕۆژگارێکە
بە
دز و
جەردە و
مامۆستا و
دەستانبێژ و
پۆلیس و



کۆیلە و
ڕەزەوان و
خۆکوژ و
جەربەزە و
ڕۆژنامەنووس و
پیاو ماقووڵەکانمانەوە
دەرەقەتی نایەین
بە کەمی مەزانە ئەگەر جاڵجاڵۆکەیەک
بە وەستایی و ژیریەتی خۆی
تا ئێوارە تەندراوەکەی دەچنێت
کارێکی گران و پیرۆز و خوداییە
بە ئەنجامی دەگەیەنێت
ترسناکە گوندێکی نووستووی
ناو دۆڵێکی چۆڵ و کپ
تەنیا کۆتر و شاعیری لە خۆ بردوو بەدیاریەوەن
خۆشەویستەکەم کە عەباکەت بەخۆت دادەدەی
هەر هەمان ئەو دنیایەیە
تەنیا جیاوازیەکەی ئەوەیە
عەباکەت پەلکەزێڕینەیە
بەسەرت هەڵکێشراوە
دنیا لەم هەموو جموجووڵییەی
ڕەنگ وەرناگرێت
دەنگ وەرناگرێت
مرۆڤ لە دەرەوەی ژوورەکانیانن
من و تۆش لە گۆڕەکەمانەوە
پەیفی خۆڵ و بەرد
بۆ یەکتری دەگێڕینەوە
لە پێستی خۆت و من دەکەیتەوە
تا عەباکەت بەسەرت دادەیت و بچیت لە بازاڕ
شتێکی ناسکی پێ بکڕیت



بەرەو لا هاتنەوە
بەدەم خەونەوە لە ناو ڕەشاییەکی تۆخدا
یان ژوورێکی تاریک
لە بریقە و ڕوونی چاوەکانی تۆدا بەئاگا هاتمەوە
بەدەم ئاوی بارانی ئێوارە
لەگەڵ پەڕی قەلەڕەشێک و
چەند گەڵایەک و
کۆمەڵێک کاغەزی بێ نرخ
کە شاعیرێک لە بارەگایەک نووسیبوی
بەرەو جۆگەلەیەک شۆڕبوومەوە
خۆزگە دوو چاوی ڕەشی ناوچەوانی
مراوییەک بوومایە
نیگام تەنیا
لە نانێکی نقومبووی ناو ئاوێک گیرسابوایەوە
چاوەکانت وەک دانە قاوەییەکانی
ناو سێوێکی سەوزن
کە دەمگەیەننە حاڵەتی ڕاڕایی
ڕاڕاییەک وەک کەوێکی دنیادید و سووک باڵ
لە ترسی هەڵۆ
بەچکەکانی بەباڵ و کۆش دەشارێتەوە
لە ترسان لە ژێر کراسەکەی تۆدا
لە پشت چڵێکی سەوز
خۆیان دەشارنەوە
تەنیا بەچاوەکانت پێدەکەنن
دەڵێی ئەو چڵە سەوزانەی
کە ئاوی بەهار
لە پاڵێکی سەوز و بەناز
بە ناو جۆگەلەیەکدا بەرەو لامی دەهێنێتەوە